# لێكۆڵینەوەیەک لەسەر حوکمی بەشداریکردن لە كۆمپانیاكانی( كویست نت ) و ( گۆڵد كویست ) و ( بزناس ) وهاوشێوەكانی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی : حاجی ئومید چروستانی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ دراسة حول حكم المشاركة في شركات ( كويست نت ) و ( كولد كويست ) و ( بزناس ) و وما شابههم . ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : حاج أوميد جروستاني

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# لێكوڵینەوەیەک لەسەر حوكمی بەشداریكردن لە كۆمپانیاكانی( كویست نت ) و ( گۆڵد كویست ) و ( بزناس ) وهاوشێوەكانی

ئامادەكردنی : حاجی ئومێد چرۆستانی


ماستەر لەزانستە ڕامیاری وشەرعیەكاندا

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وأصحابه ومن والاه .

لێرەو لەوێ زۆر پرسیارمان لێ دەكرێت سەبارەت بە حوكمی شەرعی بەشداری كردن لــە ( تسويق = بازاڕ پەیدا كردن ) بۆ كۆمپانیاكانی ( كویست نت و گۆڵد كویست و بزناس ) و هی تریش كە ئایا حەڵاڵە مرۆڤی موسڵمان بۆ دەست كەوتنی قازانج لەگەڵ ئەو كۆمپانیا وشەریكانەدا بەشداری بكات ؟

كاركردن وتەسویق وبازاڕ پەیدا كردن بۆ ئەم كۆمپانیا وشەریكانەدا كە شێوازێكی هەرەمی لەخۆ گرتووە خۆی لەمەدا دەبینێتەوە كە كەسی بەشدار بوو كە لووتكەی هەرەمەكەدایە پێویستە كەسانی تر ڕازی بكات و قەناعەتیان پێ بكات كە لەڕێگەی ئەمەوە بێن بەشداری بكەن لەكڕینی بەرهەمێكی ئەو كۆمپانیایەدا كە زۆرجار بریتی یە لە پێدانی سكەیەكی ئاڵتوی كە لە نیو مثقاڵ زێرێك یان زیاتر یان مۆبایلێك یان تەنها بریتی لە كارتێك كە ژمارەیەكی نهێنی لەخۆگرتوە بۆ كردنەوەی لاپەڕەیەك لە پێگە وسایتی ئەو شەریكەیە ( خۆی لەخۆیدا بەرهەمی ئەم كۆمپانیایانە لە نرخی حەقیقی بازاڕ زۆر زیاترن، بەو واتایەی ئەگەر ئەو سكە ئاڵتونی یە بكڕرێت لای زێرنگەرێك بەنیوە قیمەتی نرخی كۆمپانیاكە دەیكڕیت ) دوای ئەوەی بوویت بەخاوەنی لاپەڕیەك لە ماڵپەڕی ئەو كۆمپانیایە لەڕێگای ئەو لاپەڕەوە لە ئینتەرنێت ئەو كەسانەی كە كەسی یەكەم یان كەسی پێش موشتەریە تازەكان قەناعەتی كردوە بە ئەم موشتەریە نوێیانە كە بەرهەمی ئەم كۆمپانیایە بكڕێت لەسەر حسابەكەی خۆی داخلی كۆمپانیاكەیان بكات و بەو شێوەیە ناوی كەسە تازەكان لەلای ڕاست و چەپی موشتەری هێنەكان دەردەكەون، بەم جۆرە ئەم كەسە تازانەش پێویستە هەوڵ بدەن كەسانی تر قەناعەت پێ بكەن بەوەی بەرهەمی ئەم كۆمپانیایە بكڕن، وە گەر نا پارەكەیان هەر وا دەڕوات، بەواتایەكی تر ئەبێت هەموو موشتەریەكان شەو و ڕۆژ خەریك بن تاوەكو خەڵك قەناعەت پێ بكەن بۆ ئەوەی پارەكەیان بەهەدەر نەڕوات، جا هەركەس توانیبێتی لەڕێگای ئەمەوە یان لەڕێگای ئەو كەسانەش ئەم قەناعەتی پێكردوون زیاتر خەڵك كۆبكاتەوە ئەوە

قازانجێکی باش دەکات و بۆ خۆی قاچ دەخاتە سەر قاچ ، وەك کورد دەڵێت کرێکەی بەلاش دەبێت وبگرە بەقزانجێکی باش لەسەر حسابی کەسانی تر پەیدا دەکات، لەم وێنەی خوارەوەدا هەوڵ ئەدەم زیاتر بۆتان ڕوون بکەمەوە :




ئێستا لەو وێنەیەی سەرەوە شاهۆ سوود مەندترین کەسی ناو ئەو کۆمەڵەیە لەبەر ئەوە کەسانێکی زۆر لای ڕاست و چەپیەوە بوونیان هەیە، کەسانی خوارەوەش زیانمەند ترین کەسی ناو ئەو کۆمەڵەیەن، جا لەبەر ئەوەی زیانەکەی خۆیان پڕ بکەنەوە و پارەکەیان هەروا بە زایە نەچێت دەبێت ئەوانیش پرۆن کەسی تر بهێنن، بەم شێوەیە دەبێت هەموو بەشدار بووان لەخزمەت بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایەدا بن، بەڵام ئەم کەسانەش ئەگەر هاتوو هەر هەموویان لای یەك باڵیەوە یان باشتر بڵێین لای یەك لایەوە هەبن ئەو کاتە شاهۆ یش هیچ سوود مەند نابێت، بۆیە دەبینین لێرەدا فێڵ و تەڵەکە و خیداعێك لەئارادایە لەلایەن کەسانی خاوەن کۆمپانیا بۆ موشتەری و کڕیاڕیارەکەنیان.

تا ئێرە هیوادارم توانیبێتم وێنە و ( تصور ) ێکم بۆ دروست کردبن لەسەر چۆنیەتی بەشداری کردن وبوون بە ئەندام لەم ( التسویق الشبکی = بازاڕ بۆ پەیدا کردنی تۆڕێ ) کە لەڕێگای ئینەرنێتەوە جێ بەجێ دەکرێت .

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بێینە سەر ڕوون کردنەوەی حوکمی شەرعی لەم بارەیەوە ئایا ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن حەرامە یان حەڵالە .

**بێ گومان ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن حەرامە ئەویش**

**یەکەم :** لەبەر ئەوەی خۆی لەخۆیدا ئەم مامەڵەیە وستاوە لەسەر چەند کڕیارێك لەگەڵ کۆمپانیاکەدا، کەبەشێکی زۆری ئەم کڕیارانە ( إغراء ) کراون، ئەویش بەتێگەیاندنیان بەوەی پاش ماوەیەکی کەم لەهەوڵدان وموشتەری پەیداکردن قازانجێکی زۆر وخەیاڵی دەچێتە حسابیانەوە لەلایەن کۆمپانیاکەوە، لەڕاستیدا هیچشی وانیە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی ماڵی خەڵك خواردن بەناهەق، خوای گەورەش دەفەرموێت : **( يَا أَيُّهَا لَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ .... )** { البقرة : ١٨٨ } واتە : ئەی ئەو کەسانەي باوەڕتان هێناوە ماڵ وسامانی یەکتر لەنێو خۆتاندا بەناهەق وباطل مەخۆن .

**دووەم :** دیسان هۆکارێکی تری حەرامی ئەم مامەڵەیە ئەوەیە مەبەست لێی دەڵاڵی وعمولەکەیە نەك ئەصڵی بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە، چونکە جاری واهەیە کەسی یەکەم کە لەلووتکەی هەرەمەکەدایە چەند ملێۆن دیناریك قازانج دەکات لەکاتێکدا ئەصڵی ئەو بەرهەمەی یەکەم جار لەکۆمپانیاکە دەکڕرێت ناگاتە ١٠٠ هەزار یان ١٥٠ هەزار دینارێك، بێگومان هەموو کەسێکیش ئەگەر سەرپشکی بکەیت لەنێوان بەرهەم ودەڵاڵیەکەدا، ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرێت، هەر لەبەر ئەوە دەبینین ئەو کۆمپانیانەی کە ئەم جۆرە کارانە دەکەن بانگەشە بۆ ئەصڵی بەرهەمەکانی خۆیان ناکەن کە بەرهەمێکی باش وبێ فێڵ وستانداردە، بەڵکو دێن بۆ ئەوەی خەڵك هاندەن و ( إغراء ) یان بکەن بانگەشە بۆ قازانجێکی زۆر وزەبەندەی دەڵاڵانە دەکەن کە دەستیان دەکەوێت لەبەرامبەر کڕینی بەرهەمێکیاندا بەنرخێکی کەم، بەلام بەو مەرجەی نەوەستن خەریکی بانگەشە ودەڵاڵی بن بۆ کڕینی بەرهەمی کۆمپانیاکە، چونکە خۆی لەخۆیدا ئەم بەرهەمانەی ئەم کۆمپانیایانە دەیفرۆشن پەردە پۆش کرنی ئەو قازانجە خەیاڵیە یە کە بەدرۆ وناهەق خستویانەتە عەقڵی خەڵکەوە .

**سێهەم** : ئەم جۆرە کڕین ومامەڵـەیە هـەردوو چۆرەکـەی ( ڕیبا= سوو ) لەخۆ دەگـرێت، ( ربا النسيئة = ڕبای قەرز ) و ( ربا الفضل = ڕبای زیادە ) ئەویش بەوەی کەسی هاوبەش پارەیەکی کەم دەدات بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆری دەست بکەوێت، ئەمەش گۆرینەوەی پارە بە پارەیە لەگەڵ وەرگرتنی زیادەو دواکەوتنی، ئەمەش ( ڕبا = سوو ) ە بە دەقی قورئان وسوونەت و ئیجماعی زانایان، ئەو بەرهەمەشی کۆمپانیاکە بە حسابی خۆی دەیفرۆشێت تەنها بۆ پەردە پۆش

کردن وشاردنەوەی ئەم مامەڵەیە، کە لەناوەڕۆکدا مەبەستی بەشدار بوو کڕینی بەرهەمەکە نیە وەك باسمان کرد، کەواتە ئەم مەبەستەش لە حوکمی شەرعدا بەهەند وەرناگیرێت، بەڵکو عیبرەت بەمەبەستی بەشدار بوونەکەیە، کە ناوەڕۆکەکەی مامەڵەیەکی لێوان لێو لە( ڕبا=سووە).

**چوارەم :** ئەم مامەڵەیە ( غرر ) ونادیاریەکی زۆری پێوە دیارە لای ئەو کەسەی کەبەشداری دەکات، چونکە نازانێت ئایا ئەتوانێت ئەو ژمارە کەسە قەناعەت پێ بکات ورایان بکێشیتە ژێر ناوی خۆی یان نا ؟ بازاڕ بۆ پەیداکردنی هەرەمی ( التسویق الهرمی ) یش هەرچەند بەدەوام بێت هەر دەبێت کۆتایی بێت، ئەو کەسەشی لەسەرەتاوە بەشداری دەکات نازانێت ئایا لەهەرەمەکەدا لە چینەکانی سەرەوە ولە سوود مەندەکان دەبێت یان لەچینەکانی ژێرەوە ولە زیان مەندەکان دەبێت، لە واقعیشدا زۆربەی زۆری بەشدار بووانی ئەو شێوە هەرەمیە لەو کەسانە دەبن کە زیان دەکەن کەمێکی زۆر کەم نەبێت کە لە چینی سەرەوەی هەرەمەکەن قازانج دەکەن، کەواتە زۆربەی زۆری بەشدار بووان زیان دەکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە وقازانج دەکات بە دەرەجەی یەکەم کۆمپانیا فێڵ کەرەکەیە وبەدەرەجەی دووەمیش وەك ووتمان کەسانیکی کەمی چینی سەرەوەی شێوە هەرەمیەکەیە، ئەمـــەش لەشەرعــدا بــە ( غرر ) ناو دەبرێت غرر یش لەهەر مامەڵەیەکدا هەبوو ئەو مامەڵەیە حەرامە، فەرموودەیەکی صەحیحیش هاتووە کە دەفەرموێت :**(نهی رسول اللّه – صلی اللّه علیه وسلم – عن بیع الغرر )** { رواه مسلم ) واتە : پێغەمبەر – درودی خوای لێ بێت – نەهی و قەدەغەی کردووە لە کڕین وفرۆشتنیك کە نادیاری و غەرەری تێدا بێت .

لەلایەکی تریشەوە ئەم جۆرە لەمامەڵە قومارێکی ڕوون وئاشکرایە، چونکە قومارە بەو مانایە وەك ووتمان چینێکی کەمی سەرەوە قازانجەکە دەخۆن کە لانی کـــەم سێ ( طبقة = چین ) ی یەکسان بەلای چەپ وراستی خۆیاندا دروست بکەن، ئەم چینەش کەلەسەرەوەن چینێکی کەمن وزۆربەی زۆری خەڵکەکەی تر یان هیچ ( طبقة ) یەکیان لەژێرەوە نیە یان ئەگەر لەژێریشیانەوە هەبن بەشێوەیەکی یەکسان شۆڕ نەبوونەتەوە بۆ خوارەوە، ئەمەش هیچ سوودێکی نیە بۆیان .

بۆیە لەکۆتایدا بەو ئەنجامەوە دەردەچین ئەم مامەڵەیە وەك قوماری ئەو لگاوچیەی لێ دێت کە بەیەکجار چەند کەسێك بەشداری دەکەن لەقومارەکەدا، کاتێکیش کە لگاو چیەکە پەرداخەکەی بەرز کردەوە دەبینین هەندیك کەس قازانجیان کرد، بگرە بە دەبڵیش واتە ئەگەر ١٠٠٠٠ دەهەزار دیناری لەسەر یەکێك لە نیشانەکان دانابێت وپاش بەرزکردنەوەی پەرداخی سەر زارەکان دوو جار ئەو نیشایەی تێدا بێت لگاو چیەکە بەپارەکەی ئەو کەسە خۆیەوە ٣٠٠٠٠ سی هەزار دیناری دەداتێ، و ئەوەشی بەختی باش نەبوێت و ئەو نیشانەیەی تێدا نەبێت کە ئەم

پارەکەی لەسەر داناوە لگاو چیەکە هەموو پارەکە بۆ خۆی دەبات یان دەیدات بەو کەسەی تر کە قومارەکەی بردۆتەوە.

مامەڵەی ئەم کۆمپانیا وشەریکانەی کە بە ( التسویق الشبکی ) ناسراون رێك و پێك وەك ئەم قومارە وایە، خۆتان لێکی بدەنەوە و بیر بکەنەوە بزانن وانیە ؟ ئاشکرایە خوای گەورەش لەبارەی قومارەوە فەرموویەتی : ( **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** ) { المائد‌ۀ : ٩٠ } واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و <u>قومار</u> و گۆشتی ماڵاتی سەرپڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵک بەپیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن ( لە هەردوو جیهاندا ).

**پێنجەم :** ئەم مامەڵەیە لەلایەکی ترەوە غەش وفیڵ وتەڵەکەبازی وچاوبەستە لەو خەڵکە دەکرێت کە گوایە کە وا پیشان دەدرێت مەبەست لێی کڕینی ئەو بەرهەمەیە کە لە کۆمپانیاکە دەکڕرێت، کەچی پێچەوانەکەی راستە مەبەستی سەرەکی لەبەشداربوون کۆکردنەوەی موشتەری وخەڵەتاندنی کەسانی بی ئاگایە تەنها بۆ ئەوەی لە شێوە هەرەمیەکەدا کەسی بانگەشە کەر بیانخاتە لای ڕاست وچەپی خۆیەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا غەش وفێل کردنە لەخەڵکی وپێغەمبەریش ( درودی خــوای لێ بێت ) فەرموویەتی : **( مــن غش فليس مني )** { رواه مسلم } واتە : ئەوەی غەش وفێڵ بکات لە ئێمە نیە - بەو مانایەی کە باوەڕی تەواو نیە، وەك زانایان دەڵێن .

لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : **( البيعان بالخيار ما لم يتفرقا ، فإن صدقا وبيّنا بورك لهما في بيعهما ، وإن كذبا وكتما محقت بركة بيعهما )**{متفق علیه} واتە : هەردوولا کڕیار و فرۆشیار سەرپشکن لەڕازی بوون و پەشیمان بوونەوە لەو مامەڵەیەی کە کردوویانە تا ئەو کاتەی لەیەك جودا نەبنەوە، جا ئەگەر ڕاستیان کرد وهەموو شتێکیان ڕوون کردەوە، بەرەکەت دەخرێتە مامەڵەکەیانەوە، خۆ ئەگەر درۆیان لەگەڵ یەکتر کرد و شتیان لەیەکتر شاردەوە ئەوا بەرەکەت لەو مامەڵەیاندا هەڵدەگیرێت .

لێرەدا هەندێك کەس ئەو گومانە بۆ خەڵك دروست دەکەن و دەڵێن ئەم مامەڵەیە مامەڵـەی ( السمسرة = دەڵاڵانە ) یە ئەمەش لە شەرعدا ڕێگە پێدراو وحەڵاڵە .

ئەم ووتەیە هیچی وا نیە و راست نیە، چونکە ( السمسرة = دەڵاڵانە ) لەشەرعدا ئەوەیە کەسی دەڵاڵ بەپێی ( عقد ) گرێ بەستێکی کرێیەکی دیاری کراو لەخاوەن شمەك وکاڵا وەردەگرێت لە بەرامبەر فرۆشتنی هەر پارچەیەك یان هەر کاڵایەك، بەڵام ئەگەر وورد ببینەوە وسەرنج بدەین لەم ( التسویق الشبکی = بازاڕ بۆ پەیداکردن ) ەدا بەو شێوەیە نیە،چونکە بەشداربووان دەڵاڵانەکە دەدەن، لەلایەکی تریشەوە مەبەستی سەرەکی لــە گرێبەستی ئـــەو ( السمسرة = دەڵاڵانە )ی کە لەشەرعدا دروستە فرۆشتنی کاڵاکەیە، بەڵام لەم ( التسویق الشبکی = بازاڕ بۆ پەیداکردن ) ەی ئەم کۆمپانیا وشەریکە فێڵ بازانەدا تەنها مەبەست بەدەستهێنانی دەڵاڵانەکەیە کە ئەویش بە فڕوفێڵ وچاوبەست کردن لەخەڵکی داماو بێ ئاگا وەك ڕوونمان کردەوە بەدەست دێت، چونکە کەسی بەشدار بوو دەڵاڵانەکە دەدات، بەو کەسەی کە بەشداری پێکردووە، ئەویش بەو کەسەی سەروو خۆی هەتا دەگاتە ئەو کەسەی کە لە لووتکەی هەرەمەکەی سەرەتاوە بەشداری کردووە .

یان هەندێك کەسی تر ئەو گومانە بۆ خەڵك دروست دەکەن بۆ حەڵاڵی کارەکەیان کە ئەم دەڵاڵانە ( هبة ) وبەخشینێکە ئەو کەسانە دەیدەن بەیەکتر وهیچ حەرامی تێدا نیە .

ئێمەش لەوەڵامی ئەم گومانەدا دەڵین هیچی وانیە و ڕاست نیە، ئەگەر لەبەر ئەو(إغراء ) وچاوبەست وفڕ وفێڵە نەبێت کێ لەو بەشداربووانە ئامادەیە بڕێك پارە بدات بە برادەرێکی یان بەکەسێك کە هەر نایشی ناسێت، لەحاڵەتێکیشدا جەدەلەن تەسلیم بەوە بووین کــە بەڵی ئەمــــە ( هبة ) وبەخشینێکە بەیەك دەدرێت، لەم کاتەشدا هەر دەڵین حەرامە، لەبەر ئەوەی بەخشینێك بەرامبـــەر قەرزیك بێت لەشەرعــدا دەبێت بە ( ڕیبا = سوو ) چونکە عەبدوڵای کوری سەلام بە ئەبی بوردەی فەرموو ( خوایان لێ رازی بێت ) ) **( إنك في أرض ، الربا فيها فاش ، فإذا كان لك على رجل حق فأهدى إليك حمل تبن أو حمل شعير أو حمل قتٍّ فإنه ربا )**{رواه البخاري }واتە : تۆ لە ووڵاتێکی کە ( ڕیبا = سوو ) ی تێدا زۆر بەر بڵاوە، جا ئەگەر حەقێکت لای کەسێك هەبوو، ئەو کەسە بارێك کا یان بارێك جۆ یان بارێك عەلەفی بەدیاری بۆ هێنایت ئەوە دەبێت بە ( ڕیبا = سوو ) .

( هبة ) وبەخشین یش حوکمی ئەو هۆکارە وەردەگرێت کە لەبەر ئەو دروست بووە، هەر لەبەر ئەمە بوو پێغەمبەر ( دردوی دخوای لەسەر بێت ) بەو کارمەندەی ووت کە ناردبووی بۆ وڵاتی بەحرەین کە هاتەوە ووتی : ئەی پیغەمبەری خوا ئەمە ماڵ وسامانی ( بیت المال ) ی موسڵمانانە، ئەمەی تریش خەڵکی وەك هەدیە و دیاری بۆ خۆمیان هێناوە، پێغەمبەر ( دردوی

خوای لەسەر بێت ) لەوەڵامیدا فەرمووی : **( أفلا جلست في بيت أبيك وأمك فتنظر أيهدى إليك أم لا ؟ )** { متفق عليه } واتە : سەیر بکە ئایا ئەگەر لەماڵی باوکت ودایکت دابنیشتیتایە، هیچ کەسێك شتێکی بەدیاری بۆ دەهێنایت ؟

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر شتێك بەناوێکی تر لە حەقیقەتی ماناکەی خۆی لابدرێت، هیچ کارگەری نابێت لەســەر ئەصڵی ئەو حوکمـــەی کە هەیەتی لەشەرعدا، جـــا ئەو ( سوو ) ە ناوی هەدیەی لێ دەنێیت یان ناوی خێری لێ دەنێیت یان ناوی هبة ی لی دەنێت لە حوکمی حەرامی مەسئەلەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەم دەڵاڵانەیە لەم جۆرە مامەڵە ( التسویق الشبکی ) یەدا دەست دەکەوێت مەبەستی سەرەکی مامەڵەکەیە ئەویش وەك روونمان کـــردەوە ( ڕیبا = سوو ) ە بەهەردوو شێوەکەیەوە ؟

جا لەکۆتایدا ئەوەندە دەڵێین ئەوەی ڕوونمان کردەوە حوکمی شەرعی بەشداری کردنە لەو کۆمپانیا وشەریکانەدا کە باسمان کرد، دیسان حوکمی ئەو کۆمپانیا یانەشە کە لە مامەڵەیاندا پشتیان بەستووە بەم جۆرە دەڵاڵانە وئەیانەویت لەسەر حسابی کەسانی هەژار وداماو بەفڕت وفێڵی بریقەدار وخەونی وەنەوشەیی دونیایەکی پڕ لەخەیاڵ بۆ خەڵکی دروست بکەن، کە کۆتایەکەشی هەر هەمووی وەهم وسەراب و رووت کردنەوەی ئەو خەڵکە هەژارەیە .